## وەڵام بۆ سەربازی هەڵهاتوی نەناسراو (2) ... دلێر محمود سابیر

فەرمووتە بۆ هەڵوێست وەرناگری لە دژی پارتی و نوسینێك کە نارەزایی پێوە دیار بێ بۆ ئیدانە کردنی ئەو هەنگاوەی ناوێتی لە بێ سەرو شوێن کردنی د. کەمال سەید قادر و ناوی بنەماڵە بە کەسانی نەگونجاو و ناشایستە بەرم بۆ ئیعدام کردنی قەڵەم رەواکان و مل کەچی پێ کردنیان، وەك دڵت ژان ئەکات بۆیان.

ئەم داوایەت ئەوەم بیر ئەخاتەوە کە رۆژانی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە سەرەتای کانوونی دووهەمی 2005 کە ملی خەڵکیان ئەگرت هەندێ کەس وەك چۆن منیش یەکێك بووم لەو مل گیراوانە پێیان ئەووتن ئەوەی نەچێ بۆ دەنگدان شیری دایکی پێ حەرامەو ئەمە دوا چارەنووسمانە وەکو دەنگدانیش بە زۆرە ملێ بێت. هەتا برادەرێك زۆر بە دڵنیاییەوە ووتی: بە شەرەفم ئەوەی نەچێ بۆ دەنگ دان تەلاقی کەوتووە، پێمان عەیب بوو نەچین بەلاَم ئەوەش بوو کە دیمان.

یەکەم:بە کاوێژ کردنەکەتا بۆم دەرکەوت چی ئەخۆی وا حاڵی بووم کە ساویلکەو نەفام و بێ مستەواو موراهیقێك بیت تەوازونی خۆت لە دەست دابێ، بۆیە زۆر دانم بە خۆما گرت و دڵی خۆم کرد بە بەرد بە بەرد هەروا زوو، کەواتە هەر هەرزەکارو کاڵفامی وەك ئێوە مانان بوو نوسەرە (بێ سەرو شوێنەکە) ی بەرەو هەڵدێر برد، من نەك زاتی ئەوەم نیە و بەرەوای نازانم بە قەد تاڵە موویەك ناوی نەك پارتی بەڵکو هیچ هێزێکی تری ناو کوردستانیش بە کەم بێنم چونکە ئیشی من نیە و یاریش بەو جۆرە ئاگرە ناکەم. چونکە کێشەم نیە لەو لایەنەوە، ئیتر کە سەرم نەیەشێ بۆ بیبەستم، هەروەها بنەماڵەش لە منەوە نزیك نیەو لە باری داب و نەرێت و کەسایەتیەکانیشی هیچ زانیاریەکم نیە و خۆشم چۆن بنەماڵەم هەیە و دابو نەرێتی تایبەت بە خۆمان هەیە رێزی لێ ئەگرم، ئەبێ رێزیش بۆ بنەماڵەی تردانێم چونکە من وەك تۆ هەست بە کەم و کوری ناو بنەماڵەکەم ناکەم تا بەرد بگرمە بنەماڵەی تر، لە کوردستانیش تەنها ئەو بنەماڵەیەی تیا ناژی، هەموو خێڵ و عەشیرەت و تایەفەو خێزانێکی گەورەش بە پشتاو پشت ئەچنەوە سەر یەك شوناسنامەو لە یەك مەلەفی تایبەتیدا ناوو زانیاریەکانیان تۆمار کراون، ئێوەی گێل کە دەبنە نەوەی دوا رۆژ هیچ هەست بە لێپرسراویەك ناکەن بەرامبەر بە مێژووی نەتەوەکەتان ئوسوڵ و مەعریفەت نازانن، بۆیە دەربەست نایەن ئەگەر بە رەچەڵەکی بنەماڵەی خۆشتانا برشێنەوە، بنەماڵە پێك هاتووە لە بەشێکی پیاو بەشێکی ئافرەت تاوانی ئەم هەموو وورد و درشتەی کە ئەو بنەماڵەیەی لێ پێك هاتووە چیە ئەگەر تاوانێك یان هەڵەیەك کەسێك یان چەن کەسێکی بنەماڵەکە کردبێتی؟؟ وەك ئەوە وایە بتەوێ کەسێك بریندار بکەی پێی ناوێری جنێو بە خێزانەکەی بدەیت کە ئەمەش لە بێ دەسەلاَتیە، ئەی قوڕ بە سەر ئەو خاك و گەلەی پشتی بە ئێوە بەستووە، ئەگەر میللەتانی تر خواوەندی دەستکردو مەرجەعییەتیان تیا هەڵکەوتووە، ئەوا جائیزە کە لە ناو کوردا زاتێکی تیا هەڵکەوێ کە سەر بە هەر بنەماڵەیەك بێ مەرجیش نیە هەر لە بنەماڵەی بەرزانیەوە بێ، بەلاَم هەرکەسێکی تریش بێ هەمان زمانی جنێو بە داروو پەردوویان ئەدرێ، لە ناو کوردا باوە ناو زڕاندن و هەیبەت شکاندنی تەنانەت بنە ماڵە هەرە پیرۆزو گەورەکانی تریش ئەگەرشێخ مەحمودی مەلیکیش بێ و درێغیشیان نەکردووە. بۆیە سوکایەتی کردن بەوانە لە خۆ بە کەم زانینەوەیە نەك هەر سەبوری دان بە دڵ و دەروون بێ، خۆزگەش ئەو جۆرە لە جنێو دان بە

بنەماڵەی (هەرکەسێ بێ) لە ناوماندا ڕەت بکرایەتەوەو ترۆ بکرایە، من دەروێشی هیچ لایەنێك نیم و ئەگەر هەر لایەنێك هەڵبژێرم ئەچمە بەرەی نووسەرانەوە و بە ڕەوای ئەزانم بەڵام ئەویش بە مەرجێ میسداقیەت لە دەست نەدات و نەبێتە گەلە کۆمەکێ هەڵوێستیان، لە گەڵ ڕاستی هەر هەڵوێستێکدام کە بخرێتە بەر چاو، ئەوەش بزانە نوسەران قەت یەکگرتوو نین و نابن و هەڵوێستەکانیشیان یەك نیە

دووهەم: ناڕەزایی لە دژی کێ؟ بۆچی؟

ئەگەر سووری لە سەر قسەی خۆت و مەبەستت پارتیە!! ئەوا هەموو نووسەران ئەزانن کە ئەو (بەندکراوە) کە ڕەنگە بەندیش نەکرابێ خۆی بڕیاری داوە بچێتە خزمەت ئەو لایەنەی کە مەبەستێتی بۆ درکاندنی چەند ڕاستیەك (وەك خۆی ئەڵێ) نەك وا بزانی دەعوەت نامەی بۆ هاتووە لە لای ئەوانەوە تا پیلانی لێ بکەن و بیگرن. بە پێی خۆی، بە هەردوو قاچی خۆی هەنگاوەکانی ئەنا بەرەو ئەو شوێنەی خۆی پێش وەخت بە نیاز بووە سەردانی بکات، (ئەتوانی نوسینەکانی بخوێنیتەوە) بێ ئاگام لەوەی کە پارتی کەسی ناردبێ بە دوایا، یان وەك دەماو دەم باسی لێوە ئەکرێ خۆی دابێتە دەستیان بە مەرامی دادگاییەك کە هەردوو تەرەف لە بەر دەم دادگایەکی عادیلانەدا بوەستن بۆ دانوستان و لێکۆڵینەوە لەو تاوانەی کە تەرەفێك لە دژی ئەوی تر ئەم هەرایەی خولقاندوە، ئەڵێن و (من لە دوورەوە ئەبیستم کە بە تەلەفۆن بانگ کراوە بۆ ئاسایش) بۆ درکاندن و خستنە ڕووی ئەو بەڵگەنامانەی کە تاوانی سیخوڕی و تۆمەتی تر کە خۆی نەبێ کەس نەیدیوەو نەی بیستووە پاڵی پێوە ناوە خۆی وەك (کبش الفدا و ) لە گێچەڵێك نقووم بکات مەگەر بە قودرەتی قادر لێی دەرباز بێ (ئەمەش هەر ئەڵێن، نەك وا بێ) خۆت نازانی قسە کردن بە پارە نیە؟!! خۆ ئەگەر دادگاییش بکرێ تەنها بەڵگە نامەکان سەنگی محەك نین بۆ ئیسپات کردنی تاوانەکان، خۆ ئەبێ بەلای کەم یەك دوو نەفەریش ئیفادەیان وەرگیرێ و هاو دەردی ئەم گۆڵمەزە بێ وەك شاهید عەیان!! بە هەموو جۆرێك من دوای ئەم بابەتە نەکەوتووم، ڕۆژگارمان زۆر لە پێشە کە ڕاستی و نا ڕاستی ئەم کێشەیە بە لایەکدا ساغ بێتەوە، ئەوسا نامەوێ هەر دەنگت ببیستم.

سێهەم: وا بزانم ووتت: تا قەڵەم نەخنکێنرێ!! یان بەند نەکرێ!! من وای تێ گەیشتم.

بڕوام وایە کە نەك پارتی بەڵکو هیچ ڕێکخراوو لایەن و گرووپ و تاقمێك نیە لە کوردستانا بوێرێ یان بتوانێ یان جورئەت بکات دەنگی نووسەری ڕاست و قەڵەمی بە ویژدان کپ بکات یان توخنی کەوێ، چونکە هەموو شەڕێك بە چەك ناکرێ، اللهم ئەگەر ئەو شێوە لە نوسینە بەکار بێنێ کە دکتۆر پەیڕەوی ئەکات کە ڕەنگە قەناعەتی ئەویش بەو شێوەیە دەست بدات بۆی بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی خۆی ئەیەوێ، هەرچەندە نووسەر ئازادە چی ئەنووسێ یان نا، کەس بۆی نیە گێچەڵی پێ بکات!! هەموو کەسێك ئەتوانێ و بۆی هەیە ڕەخنە هەرچەندە کاریگەریش بێ لە گەورە لێپرساوان و کاربەدەستانی کوردستان و دەوڵەت بگرێ بەو شێوەیەی کە پێی ڕەوایە و ئەگونجێ لە گەڵ ژیانی ڕۆژانەو بەرچەدانەوەی هەڵوێستی لێ پرسراوان سەبارەت بە هەر جمو جوڵێکی ناشایستەو نەگونجاو، ئەمە لە نرخی ئەو زاتانە کەم ناکاتەوە بەڵکو گەورەییان وە بیر دێنێتەوە و بە نا ڕاستەو خۆ ئەی دا بە گوێیاندا کە ئێوە لە ئێمە بەرپرسیارن (افلا تعلمون) ؟ ڕەنگە زۆر بە دڵێکی فراوان و ڕۆحێکی وەرزشانەوە وەری گرن و (هیچیشت بۆ نەکەن) ، بەڵام قسەیەك بۆ خوا بکەین، ، ئایا ئەم نووسینانەی دکتۆری بەند کراو بە قەناعەتی تۆ

ڕەخنەیە یان جنێوێكی تا سەر مۆخ كاریگەر كە وا بكات بەرانبەرەكەی ئەوروژێنێ، ڕق و كینەی كێشەیەكی خۆیی و تایبەت بە خۆیەتی كە ئەیبارێنی بە سەر پارتیدا بێ گوێ دانە ئەوەی ئاكامی خراپی لێ ئەكەوێتەوە، دادگایەكی عادیلانە مەگەر یەكلایی بكاتەوە، كێشەی من نیە،

با یەكجاری دوا وەڵامیشت بدەمەوە كە گوایە ئیمزا كۆ ئەكەنەوە. ئەوە مافێكی ڕەوایە ئەبێ بەردەوام بێ ئەگەر جێیەك بگرێت، وەك ئەو ئیستیفتایەی بۆ جیا بوونەوەی كوردستان كرا لە عێراق (ئیشی خۆی كرد) و لاپەڕەی دیار نەما، ئێستا دەوڵەتی خۆمانەو ڕژێمی نوێی عێراق و پەرلەمانی بە زۆرینەی دەنگ هاتن بە پیر ئەو بانگەوازەوە كە ملیۆنێك و حەوت سەد هەزار ئیمزایان بۆ كردووە و جامیعەی عەرەبیش بە ڕەسمی ڕای گەیاند كە كوردستان لە سایەی كەسانی وەك ئێوەی پڕ لە ئاشووبدا لە پێشكەوتن و گەشە كردندایە، ئیشێكی خراپ ناكەن ئەگەر ماڵ بە ماڵیش وەك تەقنەی فەقێ بە دەفێكەوە لە دەرگایان بدەن و ئیمزایەكتان بۆ بكەن بەڵام بڕیاری هەووەڵ و ئەخیر لای ئەو دوو خاوەن كێشەیەیە و بە هیوای بینینی كۆتاییەكی دڵخۆشكەرانەی فلیمەكەی ئەم جارە.
ڕێزێكی زۆریشم بۆ گشت خوێنەران